# کە مەرگ دێت ژیان لەوێ نییە

هیوا قادر

نەورۆزی 2007

ژیان کۆلانێکە پڕە لەهاتووهاواری

ژنانی بنێشت لەدەم،

قوقەی کەلەشێر،

بانگی دەستگێڕو

تکە تکی ژێر مەرکانە.

ژیان کۆلانێکە،

فەنتازیا، بە پێی پەتی خەریکی ماڵبەجێتەیە لەگەڵ منداڵاندا.

ژیان دەستخستنە سەرچاوە لەبەردەم تینی خۆرا،

بۆ بینینی لەنجەی جلی سەر تەناف

لەسەر رووی پەنجەرەی ماڵە دراوسێ.

ژیان، تەقولبابە لەدڵی بەختەوەری

قاقای پێکەنینە بەدەنگی بەرز.

ئاهـ، مەرگیش،

تەنها شەقاوەی کۆلانە

تەنها مەرگـ شەڕ بە هەمووان دەفرۆشێت،

لافیتەی ڕەش لەسەر سیلەی کۆلان هەڵدەواسێ،

بنێشتی دەمی ژنەکان دەخاتەوە ناو کرێی فەقیانەکان،

کەلەشێر سەردەبڕێ،

شەرم دەخاتە ناو بانگی دەستگێڕ

مەرکانە پڕ دەکات لەدەستی چڵکن بۆ خواردنەوەی ناو لەدوای فاتیحا،

فەنتازیا لە منداڵ دەستێنێتەوەو بێدەنگی دەکات،

مەرگ جلەکانی سەر تەناف بەتەڕی دادەگرێت،
دەستدەخاتە سەرچاو بۆ نەبینینی فرمێسك لەپەنجەرەی دراوسێوە.
مەرگ خێرا، بەپرتاو، ناوادە،

وەك فڕینی پۆلێك چۆلەکە لەسنگی دارتوویەکی کۆڵانداو
نیشتنەوەی واشەیەك. ئاوا دێت.

ژیان پرسیارێکە بەبەردەوامی ڕەنگەکانی دەگۆڕێت
بەڵام مەرگ تەنها یەك ڕەنگ
یەك هەناسەی سارد و تەواو.

ئاهـ هـ هـ
ژیان چەند پرسیارێکی بەردەوامە

مەرگ چ بێدەنگییەکی ئەبەدی.